# ئێستا و جاران

ن/ محەمەدی مشیر

ئێستاوجاران دوو زاراوەی جیاوازی یەك چەمكن , دوو كاتی جیاوازی یەك سەردەمن ,یەكیان گوزارشت لە رابردوودەكاو ئەوی دیكەیان لە هەنووكە , یەكیان هەڵگری پەیامێكی كۆنترو ئەوی تریان نوێترە .. هەردووك باس لە دوو قۆناغی یەك زەمەن دەكەن , زەمەنێك دوو لەتە , لەتێكی لە تەمەنی هەر تاكێ ئەرشیفەو تاڵ و شیرینەكان ,سەركەوتن و دۆڕانەكان ,خەونە رەنگاو رەنگەكان, حەزە بنخاك بووەكان,كەسەلەبیركراوەكان, بە سەرهاتە فەرامۆشكراوەكان,خۆزگە بەدیهاتووەكان,شێتە سەربەستەكانی شار,دونیای پر چوكلات وشەكرۆكەی منداڵی ...لە هەناوی پر كۆد و هێما نەناسراوەكانی خۆیدا دەگرێ و, لەتەكەی دیكەش ئەو ئێستایە پر پرۆڤكردنەیە بۆداهاتوو,ئەو كاتە پر پرۆگرامەیەكەهێشتا لە ئاست راڤەكردنی بەهاوچەمكە دێرینەكانی لەتەكەی دیكەدا نەبۆتەپرۆژەو,لەراست لێكترازاندنی سنوورەكانی ئێستاورابردوو,لەبەردەم هەرسكردنی ئەونەریتەنوێیە خۆسەپێنانەدا,لە بەرانبەر هەر هەنگاوێكی تازەدا ترسنۆك و گێژوداماو بە نیازی برِیاری بنبڕە...بەڵێ ئەمە كورتەیەكی پوختی راڤەكردنی تەمەنی من و تۆ , كۆڵان وگەرەك ,لادێ و شار,وڵات وپێناسی هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵە .پێناسی كاتی نێوان دووخاڵی تەمەنی مرۆڤ و نیشتمانە!

وەلێ ئەم (كاتە)لە نیشتمانی ساوای مندا ,لە رامان و تێهزرینە ساردوسرِەكانی مرۆڤانی دۆشداماوی مەملەكەتی هەڵەبجەو ئەنفال و كۆرِەو و گۆڕی بە كۆمەڵدا هێشتا خودی خۆی بێ پێناسە ناكرێ و كێڵگەی پرسیارە بنەرِەتییەكان بێ وەڵام لە ناواخنی خۆیدا حەشار دەدا.(ئێستا)مان, بەڵگەی دەرچوونی لە فێرگەكانی (جاران) بە پلەی زۆر باشە بە دەستهێناوە ,لە سەر دەستی مامۆستایەك پەروەردەو فێركراوە بە جۆرێ زۆرینەی وانەكانی جارانی ئەزبەرە و زانستەكانی (بڤە, عەیبە,گوناە,پیاوە پیاو!!,عیلمی شەیتانەو,كلاوی خۆت بگرە با نەیبا.....) سەركەوتووانە بۆ ئایندەی نەوەكانی دوای خۆی دەڵێتەوەو پراكتیزەیان دەكا نەبادا نەوە كۆڵەوارەكانی سەردەمی عەولەمە و ئینتەرنێت بە دارلاستیك و بەردەقانی لامپەكانی شەقامی پڕ نووری جاران بشكێنن و رێگای هاتووچۆی ئەزەلی مامۆستا پڕ عیلم ومەعریفەتەكانی (جاران)تاریك بكەن و لە بەهرەو توانای داهێنەرانەیان بێبەش بمێنین !!

ئەگەر (ئێستا) لە چاو (جاران) مان,زەمەنێكی نوێتر بێت ,ئەوا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە تەنها خودی ئەم قسە رووتە بەس نییە ئەگەر ئەو ئێستایە ئاڵای یاخیبوون( لە سەرجەم بوارەكانی ژیانی كۆڵەمەرگی و خۆبەدەستەوەدان وسەردەمی كۆتكردنی هزری نوێخواز وئازادییەكان ) بەرووی ئەو جارانەی لە بەرگی لاسارێكی كەللە پوچی مۆدێرنخواز لە سەرپاكی كونج و كەلەبەرەكانی ژیان خۆی نمایش دەكا , بەڵێ ئاڵای یاخیبوونێك كە شایستە بە ئێستا بێ و دوور لە دەستێوەردان و خۆسەپاندنی ژەنەڕاڵە دۆڕاوەكانی بەرەكانی جەنگ بەرزی بەرزی بەرز بكرێتەوە و !,كۆت و بەندەكانی (جارانمان) لە گەردن داماڵێ و لە ژەهری قەڵەمە روو لە (جاران) و پشت لە( ئێستا)كان رزگارمان كا.